# بایۆگرافیای عەباس مەعروفی



ئا: باران



عەباس مەعروفی

-لە ساڵی 1336ی هەتاوی، بازاڕی نایبولسەڵتەنەی تاران، لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند لەدایکبووە

-لە پۆلی پێنجی سەرەتاییدا مامۆستاکەی داوا لە باوکی دەکات، منداڵەکەی بخاتە پۆلی شەشەم و تاقیکردنەوەکانی هەردوو پۆلەکە پێکەوە ئەنجامبدات. باوکی قەبووڵی کرد و چووە پۆلی شەشەمی سەرەتایی.

-باوکی چەند دووکانی هەبووە و بێگومان بەنیازبوو بەزووترین کات بیخاتە کار و هەندێک لە قورسایی بارەکانی خۆی بخاتە سەرشانی.

- قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی بە ئێواران خوێندی، چونکە بەیانییان لە یەکێک لە دووکانەکانی باوکی کاریدەکرد. هەر لەبەرئەمەشە تارادەیەک شارەزای هەموو کارێکە.

- ئامادەیی زانستی تەواوکرد، چونکە بەشی وێژەیی بۆ بنەماڵەی ئەوان شوورەیی بوو.

- بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران دوای دەمەقاڵێیەک لەگەڵ باوکی، ماڵی باوکی بەجێهێشت و چووە سەربازی و ئیتر نەگەڕایەوە ئەو ماڵە.

-دوای شۆڕش لە زانکۆ و لەو بەشەی حەزی لێی بوو (ئەدەبیاتی دراماتیک، زانکۆی هونەرە دراماتیکەکان) وەرگیرا.

-لە ساڵی 1354محەمەد محەمەد عەلی ناسی ، ئەم یەکترناسینەش بوو بە هۆی ئەوەی، سات بەسات پتر ئاشنای کەشی نوسینی پیشەیی بێت.

-یەکەمین چیرۆکی لە ساڵی 1355ی هەتاوی لە بەهۆی پێشبڕکێی چیرۆکنووسیی گەنجانی گۆڤاری کەیهاندا بڵاوبوویەوە.

- لە ساڵی 1359ی هەتاوی یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی، لەژێر ناوی (لەبەرانبەر خۆرەتاو) لەلایەن بڵاوگەی ئەنجامی کتێب بڵاوبووەوە و هەر زووش فرۆشرا.

-کاتێ تەمەنی چواردە، پازدە ساڵان بوو، چیرۆکەکانی چێخوفی کۆپی دەکرد و بە گۆڕینی ناو و شارەکان، دەجار بە خەتی جوان پاکنووسی دەکردنەوە.

-لە ساڵی 1358ی هەتاویدا هوشەنگ گوڵشیریی ناسی، چەندە بە دوای ژمارەکەیدا گەڕا، هەتاکو دۆزییەوە و ئەو ڕۆژەی لە پاشخانی کتێبفرۆشییەکی بچووکدا لەبەرانبەر یەکتردا دانیشتبوون و ئەو خەریکبوو چیرۆکەکەی بۆ دەخوێندەوە، دەلەرزی و چاوەڕێ بوو، تاکو گوڵشیری تێبینی خۆی دەرببڕێت و پێبڵێت پێویستە چی بکات بۆئەوەی ببێتە نوسەر، بەڵام گوڵشیری لە وەڵامدا وتی: «تۆ نابیتە نوسەر باشتروایە بڕۆی ببیتە لێفدروو.» گەنجەکە کەوتە شوێن گوڵشیری و داوای یارمەتی لێکرد. گوڵشیری وتی: «نەخوێندەواری، بێهۆ چیرۆک دەنوسی، بچۆ کن بابت فێری کاسبی بە (نەختێک ئاگاداری بارودۆخەکەی بوو.) گەنجەکە کەوتبووە شوێن گوڵشیری و لەوپەڕی بێهیواییدا بە دوای دەلاقەیەکدا دەگەڕا.

گوڵشیری وتی: «ئەگەر دەتەوێ ببیتە نوسەر. دەبێ دوو هەزار دانە کتێب بخوێنیتەوە. »

ئەویش ئیتر لەوەبەدوا هیچی نەنوسی و تەنیا خوێندیەوە و خوێندیەوە و خوێندیەوە، تاکو ئاخری ڕۆژێک چیرۆکێکی نوسی و دیسانەوە بۆ گوڵشیری خوێندەوە. جەنابی گوڵشیری وتی: «ئافەرین. ئەم چیرۆکەت باشە، لێتیدەکڕم، بەچەند دەیفرۆشیت؟» لەوە بەدوا ئیتر جاروبار سوراغی گەنجەکەی دەکرت،



پاشان ئەوی لە کۆڕەکانی چیرۆکنووسیی کانونی نوسەراندا وەرگرت، بەڵام ناوەندەکە لە هاوینی ساڵی 1360ی هەتاوی داخرا.

-ساڵی 63ی هەتاوی دەسپێکی ڕومانی سەمفۆنیای مردووەکان بوو. چوار ساڵ و حەوت مانگ تێپەڕی و ئەو سەرەڕای ئەوەی مامۆستای ئەدەبیات بوو، شەو و ڕۆژ ڕایدەکرد، لەئاکامدا ژێر ڕۆمانەکەی واژووکرد.

-هەر لە ماوەدا کۆمەڵە چیرۆکی «جیلی سەرتر» و شانۆنامەکانی «دڵیبای و ئاسک»، «وەرەگ»و «هەتا کوێ لەگەڵمای» لەچاپکرابوون.

-یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی بەناوی (بەرامبەر خۆر) ساڵی 1980 بڵاودەکاتەوە.

- بە بڵاوکردنەوەی یەکەمین رۆمانی (سەمفۆنیای مردووەکان) وەکو رۆماننوس ناوبانگی دەرکرد.

- ساڵی 1369ی هەتاویدا)ساڵی 1990( گۆڤاری گەردوونی بنیادنا و بە شێوەیەکی جیدی دەستی بە کاری رۆژنامەگەری ئەدەبی کرد. سەبک و شێوازی کاری مەعروفی لەم گۆڤارەدا بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی حکوومەتی ئێران بوو هەر بۆیە داخرا.

-مەعرووفی دوای داخرانی گەردوون، ئێرانی بەجێهێشت و ڕووی لە ئەڵمانیا کرد. ماوەیەک لە بورسییەی یانەی هانریش بۆل کەڵکی وەرگرت، بەڵام دواجار ناچار بوو بۆ گوزەرانی ژیانی کارگەلی جیاواز بکات.

-دوو ساڵ وەکو بەڕێوبەری شەوانەی هوتیلێک کاریکرد، بە هۆی دژواری کارەکەوە و بارودۆخی ناخۆشی دەروونی، لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا، نەیتوانی شتێکی وا بنووسێت. دوای ئەوە «خانەی هونەر و ئەدەبیاتی هیدایەت»ی لە شەقامی کانتی بەرلین بنیاتنا و دەستیکرد بە کاری کتێبفرۆشی.

-هەر لەوێشدا وانەکانی چیرۆکوتنەوەی بەڕێوەدەبرد و لە ئێستاشدا هەر لەو ڕێگایەوە ژیانی خۆی دەگوزەرێنێت.

- عەباس مەعروفی جگەلە (4) دەقی شانۆیی و (5) کۆمەڵە چیرۆك، (6) رۆمانیشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.